# کوردستانی نوێ
KURDISTANÎ NWÊ

خاوەنی ئیمتیاز
د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر
کاوە محەمەد

جێگری سەرنووسەر
شێرکۆ مەنگوڕی

هەرێمی کوردستان- سلێمانی- دەزگای ناوەندیی ڕاگەیاندن- شەقامی ئارارات (31)

(ت.سەرنووسەر: 3155147) ت. بەدالە: 3153793، 3153715 (فاکسی مەکتەبی ڕاگەیاندن 00447043153560)

ژمارەی تەلەفۆنی دەولی: TEL: 0044-208-6347722 (فاکسی کوردستانی نوێ 00447043155147)



Knwe@aol.comE-mail :
knwe2002@yahoo.com
(Homepage)
)www.puk.org(
)www.pukmedia.net(



نرخی (3) دینارە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات، یەکەم ژمارەی (0) لە 1992/1/12دا دەرچووە





ساڵی دوانزەهەم-ژمارە (3182) یەکشەممە 2003/9/28
No:3182 Sunday 28/9/2003


### دوای دوو ساڵ لەشەونخونیو هەوڵدانو سەرقاڵبوون

## یەکەم بەرهەمی چۆپی کچە گۆرانیبێژی شۆخی شاری کەرکوک

پاش تۆمارکردنو بڵاوکردنەوەی زیاتر لە بیست گۆرانی فۆلکلۆری کوردیو لاسایی کردنەوەی گۆرانیبێژەکانیتر بەتایبەت گۆرانیبێژە نەمرەکانو تۆمارکردنی سێ گۆرانی بەزمانی ئینگلیزی، دوای دوو ساڵ لەشەونخونیو هەوڵدانو سەرقاڵبوون، وەك بەدوالاپەڕەی ڕاگەیاند: دواجار ڕۆژی (9/13) کچە گۆرانیبێژی شۆخی شاری کەرکوكو نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندا (چۆپی) تەمەن (19)ساڵ یەکەم بەرهەمی (CD) سی دی خۆی بەناوی (چیت ناوبنێم؟) بڵاوکردەوە کە (9) گۆرانی لەخۆ گرتووە، بەمشێوەیە (خۆشەویستەکەم چیت ناوبنێم، سیپاچەمانە، لەگەڵ خەم بوومە هاودەم، لەمەحزونان، خۆشەویستەکەم ئەگەڕێتەوە، خەمی دووری تۆ، شەیدایی) لەگەڵ دوو گۆرانی کەهۆنراوەو ئاوازی فۆلکلۆری کرمانجی سەرووەو لەڕاستیدا پێنج گۆرانیین لەدوو پۆرت پۆریدا.

گۆرانییەکان لەهۆنراوەی شاعیران (مۆفەق کەمال، گۆران، بێوەی، سەرکەوت ڕەسوڵ، مەدهۆش، ئاشنا، کەمال میراودەلی)یەو (ئاکۆ عەزیز، بورهان موفتی زادە-چوار گۆرانی، وریا ئەحمەد، دارا مەحمود) ئاوازیان بۆ داناوە.

ئەم بەرهەمە لەئامادەکردنو دابەشکردنی (ئاکۆ عەزیزو حەمە جاف)ەو لەشاری ڕۆتردام-ی هۆڵەندا تۆمارکراوە، کاری تۆمارکردنو ڕێکخستنو میکسینگو ماسترینگ-ی لەلایەن ستودیۆی (Yay music & Media Yaşar saka) کراوە، ئەویش بەهاریکاریکردنی شێرزاد لەمیکسینگو ماسترینگ-دا.




هەروەها ژمارەیەك هونەرمەندانی کوردو بیانی بەئامێرەکانیان بەشدارییان تێدا کردووە: ئاکۆ عەزیز (فیوڵ، فیولا، کەمانچە)، گۆران کامیل (چەلۆ، فرێتلز گیتار)، شێرزاد (کلارنێت، سەکسی فۆن، زوڕنا)، یەشار ساکا (عوود، ساز، کورە، ئەلیکترۆ ساز)، هەرێم (بلوور، نەی)، میزراب کایە (باگلەمە، ئەلیکترۆ ساز)، مارك هەویسگن (گیتار)، مەزهەر مێنتس (باس گیتار)، هانس گرەیفە (دریومس-جاز)، حەمە جاف (کیبۆرد).

سەبارەت بەم سی دی-یە (چۆپی) بەدوالاپەڕەی ڕاگەیاند: لەنێو ئەو (9) گۆرانییەی بەرهەمەکەیدا، لەکۆتایی مانگی ڕابردوودا لەهەردوو وڵاتی کەنەداو ئەمریکادا بەشێوەیەکی جوانو تایبەت (7) گۆرانی ڤیدیۆ کلیپ کردووەو لەم ماوەیەدا دووانیان بڵاودەکاتەوەو ئەوانیتریش بەدوایدا تەواو دەبنو بڵاودەکرێنەوە.

*ئا: یونس*

## هەردی"
## لەئێستاوە سەرمەستی نەورۆزە!



هەر لەسەرەتاوە دەیویست بەڕەنگو دەنگێکی تایبەت بەخۆیەوە بناسرێت، بۆیە هەردەم بەوشێوەیە کارەکانی ئەنجامداوە.

لەیەکەمین ئەلبومی گۆرانییەکانیشدا بەناوی (دڵی من) هەردی سەلاح توانی ئەو کارە بکات کەخۆی دەیخوازێتو هەر بەو شێوەیەش خۆی بەگوێگران ناساند. دوالاپەڕەش بۆ ئاگاداربوون لەهەستی هەردی لەئێستاداو ئایا چ پڕۆژەیەکی نوێشی لەهەگبەدایە" ئەویش بەئێمەی وت:

-سەرقاڵی ئەنجامدانی دوو ڤیدیۆ کلیپم بۆ هەریەك لەگۆرانییەکانی (جوانی جوانانو دووریی) ئەمەش پاش ئەوەی مەزندەم نەدەکرد جەماوەرێکی وا ئازیز بەوشێوەیە باوەش بۆ من بکەنەوە.

ئێستاش کە ئەو هەموو دەستخۆشیو ئەو هەموو پیرۆزباییو ماچانەش دەبینم، زۆر گەرمترم کە بۆ نەورۆز لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی دیاری نێو هونەری گۆرانی کوردی چ لەناوچەی کوردستانو چ لەدەرەوە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەلبومێکی نوێم.

هەربۆیە دەمەوێت سوپاسی هونەرمەندانی ئازیز (ناسری ڕەزازی، مەرزیە، زەکەریا، لەیلای فەریقی) کەباسی منیان کردووەو لەو ئەلبومە دواون، بێگومان ئەمەش خۆشەویستییەکی گەورەی دڵی ئەوانی بەمن بەخشیوەو جدیەتێکی دیکەیە بۆ کارکردن کە لەهەوڵی جوانتردا بم، بۆیە حورمەتم بۆیان هەیە.

*ڕامان*

## زنجیرەیەك کۆڕ لەهەولێر

هەفتەی ڕابردو مەکتەبی بیروهۆشیاری لەشاری هەولێر زنجیرەیەك کۆڕی سیاسیو فیکریی لەهۆڵی مەڵبەندی سێی هەولێر بۆ کادرو ئەندام دۆستانی مەڵبەند ڕێکخست کەتیایدا چەندین بابەتی گرنگ پێشکەشکران بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

*ڕێکەوتی 2003/9/13 فەرید ئەسەسەرد بابەتێکی بەناونیشانی (ستراتیجی ئەمریکا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا) پێشکەشکرد.

*هەروەها 9/14 بابەتێکی تری بەناوی (کێشەی ئاو لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا) پێشکەشکرد.

*9/15 یوسف گۆران بابەتێکی بەناونیشانی (تورکمانو بەرەی تورکمانی) پێشکەشکرد.

*9/16 بەکر سدیق بابەتێکی بەناوی (دیموکراسیەتو کۆمەڵی مەدەنی) پێشکەشکرد.

*9/17 جەمال حسێن بابەتێکی بەناوی (گەمەکانی گوتاری ئیسلامگەریی) پێشکەشکرد.

*9/18 زاهیر شوکور بابەتێ:ی بەناوی (علمانیەت) پێشکەشکرد.

شایانی باسە سەرجەم کۆڕەکان لەسەعات (5)ی ئێوارە لەمەڵبەندی هەولێر بەڕێوەچوون.



## ئەو پیاوە ڕووناکبیرانەی خزمەتی مەسەلەی ژنیانکردووە

مەوداکانی ژن

**کەژاڵ ئەحمەد**

### دووەم

وەك لەگۆشەی پێشووتردا ئاماژەم پێدا ئەم زنجیرە وتارە دەربارەی ئەم پیاوە ڕووناکبیرانەیە کە لەمەوبەر تیشك نەخراوەتە سەر هەوڵەکانیان لەبواری هاو سۆزو هاوخەباتیاندا لەگەل ژنان. ئەو پیاوە ڕووناکبیرەی ئەمڕۆ لەماڵە موتەوازیعەکەی گۆشەی مەوداکانی ژن دا پێشوازییەکی شاهانەی لێدەکەینو بەڕێزەوە لەحزوریدا رادەوەستین مامۆستا سدیق ساڵح-ە یەکێکە لە پیاوە شارەزاکانی بواری ئەرشیفی ڕۆژنامەوانی کوردییو لەڕێڕەوی پرشنگداری کارەکەی خۆیدا گەلێ سەرەداوی ونو گرنگی مەسەلەکانی بۆ دۆزیوینەتەوەو لەو نێوەندەشدا هەندێ لەسەرەتا مێژوویەکانی خەباتی ژنانو هەوڵەکانیان لەو بەڵگەنامانەدا بۆ خستوینەتەڕوو یان لەدوتووێ کتێبدا وەك ئەو کتێبەی کەدەربارەی ڕۆژنامەی (ژیان)ە یان بە پەرشو بڵاوی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە بەشێوەیەکی تایبەتی لەگۆڤاری گەلاوێژی نوێدا. بۆ خۆم لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کەئێستا کاریتێدا دەکەم سەبارەت بە (سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مەسەلەی ژن لەڕۆژنامەوانیی کوردیدا)یەو پڕۆژەی کتێبێکدا لەئایندەدا بەچاپی دەگەیەنم، لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودێکی زۆرم لەهەوڵەکانی مامۆستا سدیق ساڵح وەرگرتووە بەتایبەتی لەو بەڵگەنامانەی لەزمانی تورکی عوسمانییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردییو مامۆستا ئامادەیکردنو دایڕشتوونەتەوەو لەبڵاوکردنەوەیاندا یارمەتییەکی گەورەی ئێمەو مانان دەدات بۆ ئەوەی بەدوای مێژووی ونی خەباتی ژنان لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردییدا بگەڕێینو بیشیدۆزینەوە.

مامۆستا سدیق لەکتێبی (ڕۆژنامەی ژیان ژمارە 1-18) بەرگی یەکەمدا کە لەئامادەکردنی مامۆستا ڕەفیق-ی برایەتیو لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی خۆیەتی بەشێکی تیادا تەرخانکردووە بۆ گرنگیدان بەمەسەلەی ژن لەو ڕۆژنامەیەداو لەم بەشەدا ئاماژە بەهەموو ئەو ژمارانەی ئەو ڕۆژنامەیەدراوە کەباسی مەسەلەی ژنیان تیادا کراوە، شایەنی باسیشە کەژیان لەنێوان 1926-1938-دا (553) ژمارەی لێدەرچووە، نامەوێت زۆر بەوردی لەسەر دۆزینەوەی مێژووە ونەکانو ڕێکخستنەوەی مێژووی شێوێندراوی خەباتی مەیدانییو نێو لاپەڕەکانی ژنان قسە بکەم، چونکە لەلایەك لەم بوارە بچکۆلانەیەدا ئەو دەرفەتەمان بۆ ناگونجێو لەلایەکی تریشەوە ئەوانە بابەتی کتێبێکن کە لەڕۆژانی ئایندەدا دەکەوێتەبەر دیدەی ئێوەی خۆشەویست.

ئەوەی کە لەپێناویدا ئەم گفتوگۆیە کەوتەوە مامۆستای بەڕێزم سدیق ساڵح-ە کەدەیتوانی لەڕێڕەوی هەوڵەکانیدا گرنگیی بەمەسەلەی ژن نەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ڕووناکبیرێکی ڕاستەقینەیەو باوەڕی تەواوی بەمەسەلەی ژنە بۆیە لەنێو لاپەڕە کۆنەکانی (ژیان)دا دێتو بابەتمان بۆ دەدۆزێتەوە سەبارەت بە(ژنو کۆمەڵی مەدەنی) باسێك کە لەئێستاداو کەسانێك هەن وادەزانن ئەوان یەکەمین کەسن لەو بارەیەوە دەدوێن لەکاتێکدا کەچەندین ساڵ بەر لەئێستا لەڕۆژنامەیەکی کوردیدا قسەی لەسەرکراوە.

بۆ خۆم لەبەردەم هەوڵی ئەو قەڵەمانەدا دەنووشتێمەوە کەپێشەنگو ڕابەرانی سەردەمەکانی خۆیانو چاویشیان لەئاست خەباتی ژناندا هەردەم کراوەیەو هەوڵدەدەن هەمیشە خزمەت بەمیللەتەکەیانو مێژووو خۆیان بکەن، دیارە مامۆستا سدیق یەکێکە لەو قەڵەمە سەر بڵندانە بۆیە تەمەندرێژیی بۆ دەخوازم.

## ئەو برا عەرەبەی لەئەنجومەنی شارەوانی دووبزدا پۆستەکەی بەخشی بەکوردێك

من وای دەبینمو هەرواشە کەبرا کوردەکانمان دەیان ساڵە بەهۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی فاشی-یەوە دووچاری چەوساندنەوەو ماڵ وێرانی هاتوون، سەدان خاوەن بڕوانامەو شارەزایان لێدانەمزراوە تەنها لەبەرئەوەی کوردبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێم نوێنەری عەرەب نەبووەو عەرەب لەو ڕژێمە بێ بەرین، چونکە ئەم بەعسییانە نەك تەنها کوردیان ماڵ وێران کردووە بەڵکو ئەوان دوژمنی هەموو ئازادی خوازێکی کوردو عەرەب بوونە، ئەمە وتەی ئەو برا عەرەبەیە کەناوی ساڵح سلمان کاظمو پتر لە 10 ساڵە لەناوچەی دووبز جێنشینن، لەم ڕۆژانە لەهەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی دووبز پۆستەکەی بەخشی بەکوردێك، لەدرێژەی قسەکانی وتی: من بۆیە ئەو پۆستەم بەخشی تا دووپاتی بکەمەوە بۆ هەموو خەڵك کە ئێمەی کوردو عەرەب برای یەکینو هیچ جیاوازییەك نییە، من ئەو برا کوردەم لەخۆم بەلێوەشاوەتر بینی بۆ ئەو پۆستە، بۆیە پۆستەکەم پێبەخشیو گرنگ نییە بەرپرس کورد بێ یاخود عەرەب یاخود تورکمان گرنگ لەوەدایە کێ زیاتر دەتوانێ خزمەت بکاتو بەو کارەش زۆر دڵشادم.



لەوەڵامی پرسیارێك دەربارەی عەرەبە هاوردەکان.. وتی: بائێمە ڕاست گۆبین بەهێنانی ئەمان ڕژێم نەك زەرەری لەکورددا بەتەنها بەڵکو عەرەبی جێنشین ئەم ناوچەیەش زەرەرو زیانێکی زۆریان بێگەیشت، بواری کار لەبەردەم لاوانماندا کەمبوو زەویو زاری ئێمەیان دەدا بەوانو ئەوانیان لە هەموو دامودەزگاکاندا دادەمزراند، وێڕای ئەوانەش ئەوان سیخوڕیان دەکرد بەسەرماندا بۆ ڕژێم.

*یوسف مام تەیب*
*دووبز*

## مایکرۆسۆفت بڕیاریدا لە 28 وڵاتدا پڕۆگرامی چات دابخات

پڕۆگرامی چات (chat) کەپڕۆگرامێکی تایبەتە لەڕێگای کۆمپیوتەرەوە بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەتوانرێت بۆ پەیوەندی کردن بەشێوەی نووسینو قسەکردن بەکار بێت.

لەم چەند ساڵەی دواییداو بەهۆی زۆربوونی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بۆ پەیوەندی کردن بەجیهانەوەو زۆر لەکۆمپانیاکان بۆ ئەوە کارئاسانیان کردووەو چەندین پڕۆگرامی تایبەتیان دروستکردو بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانرێت پەیوەندی لەگەڵ یەکدیدا بکرێت.

یەکێك لەو پڕۆگرامە ناسراوانە کەناوی (MSN)و زۆر کەس بەکاری دەهێنێت ئێستا بۆتە مەترسییەك بۆ سەر ژیانی منداڵان، چونکە لەماڵپەڕی (MSN) ژووری تایبەت هەیە بۆ قسەکردن کە چەندین کەس لەو ژوورانەدا بەیەکەوە چات دەکەن بێ ئەوەی زۆربەیان یەکتریان بینیبێ یاخود یەکتربناسنو بزانن تەمەنی ئەوەی چاتی لەگەڵ دادەکات چەندە.

چونکە دەڵێن زۆر کەسی گەورە لەو ڕێگایەوە دەتوانن پەیوەندی بەمنداڵانەوە بکەنو هەڕەشەیان لێبکەن یاخود بۆ کاری سکسیو ڕاسیزم (ڕاسست) بەکار دەهێنرێت.

لەدوای ئەوەی زۆر کەس نارەزای هەبووە دەربارەی ئەو پڕۆگرامە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بڕیاردا لە 2003/10/14 لە 28 وڵاتدا کەیەکێکیان هۆڵەندایە ئەو پڕۆگرامە دابخاتو ئیتر نەتوانرێت بەکاربێت.




بەڵام پڕۆگرامی مێسنجەر کەتایبەتە بەهەمان کۆمپانیا ئەوە دەمێنێتەوە بۆ پەیوەندیکردن، چونکە ئەوەیان خۆت بڕیار دەدەیت لەگەڵ کێ پەیوەندی دەکەیت، چونکە ئەوە لەڕێگای ئیمێلەوەیە.

ئەو ناوچانەی کەئەو پڕۆگرامە تێیدا دادەخرێن بریتییە لەئەوروپا، ئاسیا، ناوەڕاستو باشووری ئەمریکا.

بەڵام بەهۆی چاودێری کردنو بەئاگابوون لەلایەن لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە ئەو پڕۆگرامە لەکەنەدا، ژاپۆن، بەرازیلو باکووری ئەمریکا، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت.

سەرچاوە: هەواڵەکانی کەناڵی 3 بەشی لاوانو هەواڵەکانی کەناڵی (SBS)

*ئا: ئەوین کامەران*
*هۆڵەندا*

### حەننا مەخمەلباف

## خەڵاتی لاوترین دەرهێنەری سینەمایی جیهانیی پێبەخشرا

لەبڵاوکراوەی پیك ایران: (حەنا مەخمەلباف) یەکەمین فیلمی دوورودرێژیی بەناوی (چێژی شێتی) لەبەشی هەفتەی ڕەخنەگرانی فیستیڤاڵی ڤینیسیای سینەمایی بەشداریکردو توانی خەڵاتی لاوترین دەرهێنەری سینەمایی شەستەمین خولی فیستیڤاڵی ڤینیسیا بەدەست بهێنێت.. (حەنا) تەمەنی 14 ساڵەو کچی دەرهێنەری سینەمایی (موحسن مەخمەلباف)ە، خەڵاتەکەی (حەنا) لەو فیستیڤاڵەدا تاجێکی شاهانەیە، لەڕاستیدا ئەم یەکەمین خەڵاتەی (حەنا) پەنجاو حەوتەمین خەڵاتی نێودەوڵەتییە کەخێزانی مەخمەلباف لەبواری هونەری حەوتەمدا وەریدەگرن. بڕیار وایە ئەم خەڵاتەی (حەنا)ش وەکو نەریتێکی خێزانی مەخمەلباف ببەخشرێت بەمۆزەخانەی سینەمای ئێران.

چیرۆکی فیلمی (چێژی شێتی) گێڕانەوەیەکی وێنەیی بەشێکە لەهەوڵو ماندووبوونی (سەمیرا مەخمەلباف) بۆ ڕەواندنەوەی ترسو دڵەڕاوکێی ژنانی ئەفغانستان تاکو ڕۆڵ ببینن لەفیلمی (کاتژمێر پێنجدا)، حەنا ئەو هەوڵانەی سەمیرای خوشکی لەفیلمێکی سینەماییدا دەرهێناوەو بەو بابەتە توانیویەتی خەڵاتی لاوترین دەرهێنەری سینەمایی جیهان بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

*ئا: ئازاد سەوزە*


جگە لەسەروتار، هەموو ئەو نووسینانەی بڵاو دەکرێنەوە، بیرو بۆچوونی خاوەنەکانیان دەردەبڕنو کوردستانی نوێ لێیان بەرپرسیار نییە